# رووەکە پزیشکی یەکان

## Meedicinal Plants

گۆڕینی و
ئامادەکردنی :
کەمال جەلال غەریب

**رووەك (النبات Plant) :-**

جیهانێکە لە دوو جیهانەکەی (عالم = Kingdom) زیندەوەران ، رووەك بە زۆری جووڵەی گواستنەوەیی (حركة إنتقالية Locomotion)و ئەندامی دەماریی‌یان هەستی ئاشکرای نیەو دیواری خانەکانی لەشی لە سلیلۆزە . بەلام چالاکی‌یە زیندەگی‌یەکانی وەکوو خۆراك دروست کردنو هەرس‌و هەناسەدانو گەشە کردنو زاوو زێ‌کردنو مردنی تیا بەدی دەکرێت .

**رووەکە گوڵدارەکان (النباتات الزهرية Flowering Plants) :-**

ئەم رووەکانە رەگ‌و قەدو گەڵاو گوڵو بەرو تۆویان هەیە . وەکوو درەختی بەهی‌و دەوەنی گوڵە باخ‌و گیای هێرۆ .

**رووەکی پزیشکی :-**

ئەو رووەکەیە کە لەمەیانی پزیشکیدا بۆ دروست کردنی دەرمان سوودی لی‌وەردەگیرێت ، چ بە شێوەی رەگ یان قەد یان گەڵایان بەر ، یان گوڵ ، - ئەو رووەکە گیایان دەوەن یان درەخت بێت . ئێستا کە باسی سوودی گیا دەکەین ئەوەمان بیر دەکەوێتەوە کە نەعنا (نعناع = Mint) و جاترە «زعتر Thyme)و مەعدەنووس (بقدونس Parsley) بەشێوەی بەهارات لە خواردەمەنیدا بەکاردەهێنرێن . بەلام بەر لە سەد سالّ لەمەوپێش بیروڕای خەڵکی لە هی ئێستا جیاواز بووە . بە نیسبەت باووباپیرانمانەوە گیا بۆ ئەوە نەبووە کە تام‌و بۆنی خواردەمەنی خۆش‌بکات ، بەڵکو بۆ چارەکردنی نەخۆش بووە . خەڵکی لە ماوەی چەند هەزار ساڵێکدا پشتیان تەنها بەگیا «أعشاب Herbs» بەستووە بۆ چارەکردنی نەخۆشی .

بەلام دوای ئەوە ، لە ساڵانی سەرەتای ئەم سەدەیەدا کاتێك کە کیمیاگەرەکان (الكيميائيون) دەستیان کرد بە دروست‌کردنی ئاوێتەی دەرمان (مركبات دوائية medicinal compounds) .

دەرمانی زۆر تازە هاتوونەتە ئاراوە ، ئەو ئاوێتانەی (عقاقير Drugs) کە مرۆڤ دروستی کردوون زۆرکاریگەرن ، بە رادەیەکی ئەوتۆ کە پزیشکەکان بەشێوەیەکی فراوان بەکاریان دەهێنن ، ئەمەش بووە هۆی وازلی‌هێنانی هەندێك گیای دەرمان ، بەلام تەنانەت هەتا ئیمرۆش زۆر کەس هەن کە دەرمانی گیا پەسند دەکەن ، چونکە لەو باوەڕەدان کە ئەمانە هۆیەکی سروشتین بۆ هێنانەدی تەندروستی‌یەکی باش‌و لەو دەرمانانە چاکترن کە لە کارگەدا دروست دەکرێن . ئەو شارەزایانەی کە لە گیا دەرمان دروست دەکەن پی‌یان دەووترێت گیا ناسەکان یان گیا سازەکان (العشابون - Herbalists) زانستەکانیان لە کتێبی گیاسازیدا (كتب الأعشاب واتەHerbals) تۆمار کراون .

## ڕێگەی ئامادەکردنی دەرمان لەگیا :-

ژمارەی ئەو جۆرە گیایانەی کە بەشێوەی دەرمان بەکار دەهێنرێن یەکجار زۆرە . بەزۆری دەرمان لەگەڵای ئەو گیایانە یان ئەو ڕووەکانە دەردەهێنرێت . بەڵام هەندێك جاریش لەگوڵ‌و بەرو تەنانەت لە قەدو توێکڵ‌و ڕەگیش هەر دەردەهێنرێت .

لەو ڕۆژگارانەدا کە بەکارهێنانی دەرمانی گیای تیادا باوبووە ، دۆزینەوەی گیای ڕاستەقینەو دەرهێنانی دەرمان لێیان لە ئەستۆی کەیبانووی ماڵدا بووە .

بەڵام ئێستا کە نەبووە بە باو کە مرۆڤ خۆی دەرمان لە گیا دەربهێنێت ، چونکە زۆر گیا لە باخچەی تایبەتیدا دەڕوێنرێن‌و لە کارگەدا دەرمانیان لێ‌دەردەهێنرێت‌و لە بازاڕدا یان لە ئەجزاخانەکاندا دەفرۆشرێن .

ڕێگەکانی ئامادەکردنی دەرمان گەلێك لە یەکتری جیاوازن ، هەندێك گیا بەشێوەی گەڵای ووشك کراوە بەکار دەهێنرێن ، دەهاڕرێن‌و بە شێوەی حەب دەپەستێنرێن .

هەندێکی تریان بە شێوەی خوساوە (نقیع = infussion) ئامادە دەکرێن بۆ نموونە لە دەفرێکدا ڕەتڵێك = Pound = (Lb) = Libra = rottle ٤٥٣ گرام) ئاوی کوڵاو دەکرێت بەسەر وەقیلەیەك (أوقیة = وقیة = Ounce = ٢٨ گرام) لە گیایەکە . دوای ئەوە سارد دەکرێتەوە ئینجا بە پاڵاوتن خڵتەکەی لێ جیا دەکرێتەوە ، بەمە شلە پاڵێوراوەکە بۆ خواردنەوە دەست دەدات . مەڵحەمیش (مرهم Ointment) لە تێکەڵ کردنی گیای هاڕراو بەزی‌یان پیوی (شحم = Lard) گەرم ئامادە دەکرێت ، بەڵام بۆیەی دەرمان (صبغة دوائیة Tincture) لە تواندنەوەی گیای ووشك لە ئەلکهولدا ئامادە دەکرێت . هەرچەندە ئێستا بەدەگمەن دوکتورەکان ڕەچەتەی گیای کۆن بۆ نەخۆشی دەنووسن ، بەڵام هەتا ئێستاش هەندێك گیا گرنگی خۆیان پاراستووە ، چونکە سەرچاوەیەکن بۆ دەرمانی زۆر گرنگ ، لەبەرهەمەکانی ئەم گیایانەش : مۆرفین



سرخس

(morphine)ە کە بۆ کەم کردنەوەی ئێش‌و ئازار بەکار دەهێنرێت لە ڕووەکی خاشخاش (Poppy) دەردەهێنرێت و دەرمانی دیجیتالیس Digitalis کە بۆ نەخۆشی‌یەکانی دڵ بەکاردەهێنرێت لە ڕووەکی دەسکێشی ڕێوی (قفاز الثعلب = القمعیة الأرجوانیة Foxgloves) دەردەهێنرێت . دەرمانی ئەترۆپین Atropine .

کە بە شێوەی دڵۆپ دەکرێتە چاوەوە لە ڕووەکی بیلادۆنا night shade دەردەهێنرێت‌و دەرمانی کنین Quinine کە لە وێکڵی قەدی درەختی سینکۆنا – Cinchona دەردەهێنرێت بۆ چارەکردنی نەخۆشی لەرزوتا (ملاریا = البرداء – malaria) بەکاردەهێنرێت .

## کوردو ڕووەکی پزیشکی :-

مرۆڤی کورد لە هەزارەها ساڵ لەمەو پێشەوە لەم وولاتەدا



لاسك و گەلاّی قەیتەران

ژیاوەو لەگەلّ ڕووەكەكانی دەورو پشتیدا ، كە لە چیاو هەردوهەلّەت و شیوو دۆلّو دەشتو چەمو چخوردوگەلیو گویّ ئاوو ڕووبارەكاندا ، وەكوو لە قوڕیی قەرەداخو هەورامانو چیای قەندیلو گەلی عەلی بەگو ئامێدی . . . هتد . . .

دەروێن ، شوناسی پەیدا كردووە ، بەتایبەتی لە وەرزی بەهاردا كە خاك بەفەرشێكی ڕەنگینی قەشەنگ لە گیاو گولّو گولّزار دادەپۆشرێتو بۆنو بەرامەیان لە ناوچەكەدا بلاّو دەبێتەوە .

بێگومان باوو باپیرانمان هەر لەو سەردەمەوە دوو چاری چەندەها نەخۆشیو دەردو بەلاّبوون بیّ گومان بۆ چارەكردنی ئەو نەخۆشیانە پەنایان بردۆتە بەر ئەو ڕووەكانەو بە تاقیكردنەوەیەكی چەند جارە بۆیان دەركەوتووە كە كامیان باشنو كامیان بۆ ئەو مەبەستە دەست نادەن ئێستاش هەندێك لەم زانستیە واتا (دەرمانگەریی) و تیماركردنی نەخۆشی بەشێوەیەكی سەرەتایی لەگوندو لادێو پەناو پاسارەكاندا ماون . بۆ نموونە میللەتی كورد چەندەها دەرمانی لە ڕووەك بۆ چارەكردنی لەرزو تاو مایەسیریو سك ئێشەو بالووكەو دومەلّو زیپكەو بیرۆ و چاوئێشە بەكار هێناوە . بەلاّم بە داخەوە كوردەكان هەتا ئێستا نەیان توانیوە ئەم سامانە خۆمالّیە گەشە پیّ بدەنو لە سەر شێوەیەكی تازە باسی بكەنو تاقیكردنەوەیان لە سەر بكەن .

جا بەم بۆنەیەوە ڕوو دەكەینە ڕۆشنبیرانو پسپۆڕانی كورد كە ئاورێك لەم لایەنە بدەنەوە چی بە نووسین چی بە لێكۆلّینەوەو تكا لە لیّپرسراوانمان دەكەین كە گرنگی بەم مەوزوعە بدەن ، بەتایبەتی لە پسپۆڕەكانی زانیاریی ڕووەكو كیمیا لە زانكۆی - سەلاحەدین .

ناوی هەندێك لەو كوردە بەڕێزانەی كە لەمەیانی دەرمانسازیدا بەناوبانگ بوون :-

١ - محمدی شێخ خەبات لە گوندی هەورامانی تەخت .

٢ - مام عەبدوللاّی محمد ئاغای قەرەداخی .

٣ - خوا لیّخۆشبوو شێخ عەلادینی بیارە .

ئێستاكەش لە بازاڕی سلێمانیدا زۆر ڕووەكی پزیشكی لە دوكانی حاجی عارف برنوتیو حاجی عمر عبدالرحمن . . دەفرۆشرێن .

**ناوی هەندێك ڕووەكی پزیشكی كوردەواریی :-**

(الحنظل Colocynth)

د – ئەوانەی کە توێکڵەکانیان بەکاردەهێنرێن وەکو دارچینی (القرفة Cinnamon) وسینکۆنا (الکینیا Cinchona)

٥ – ئەو ڕووەکانەی کە ڕەگ‌و قەدەکانی ژێر زەوی‌یان بەکاردەهێنرێت وەکو :– بەلەك واتە بنە بەلەك (العرقسوس Liquorice) و ڕێواس (راوند Rhubarb) .

٦ – ئەو ڕووەکانەی کە هەموو بەشەکانیان بەکاردەهێنرێن وەکو بیلادۆنا Beladonaو تاتورە (داتورة Datura)

٧ – ئەو ڕووەکانەی کە تەنها گوڵەکانیان بەکاردەهێنرێن وەکوو بەیبون (بابونج Chamomile) و مێخەك – (قرنفل (Cloves

**دابەش کردنی ڕووەکە پزیشکی‌یەکان بە پێ‌ی کارەکانیان :–**

١ – ئەو ڕووەکانەی کە دەبنە هۆی سك‌چوون (نباتات مسهلة Laxatives) وەکوو :–

سینەمەکی ، گەرچەك‌و کوژاڵك .

٢ – ئەو ڕووەکانەی کە بۆ چارەکردنی نەخۆشی دڵ بەکاردەهێنرێن (Cardiotonics) وەکوو ڕووەکی دیجیتالیس (Digitalis)و پیازە خوگانە (بصل العنصل Sguill) .

گژنیز (الکزبرة)

*Coriandrum sativum* L.






قۆناغەکانی کرانەوەی سپۆردانو دەرپەڕینی سپۆرەکان لە قەبەراندا

٣ – ئەو ڕووەکانەی کە بۆ قەلاچۆکردنی مێروو بەکاردەهێنرێن (مبیدات الحشرات – Insecticides) وەکوو بیرثرم (گوڵە مێروو insect flower)

ودریس Derris .

٤ – ڕووەکی سڕکەر (نباتات مخدرة Narcotics) وەکووخاشخاش (Papavir) .

لەلایەنی کیمیاشەوە (التقسیم الکیمیاوی – Chemical Classi Fication –

ڕووەکە پزیشکی‌یەکان بە پێ‌ی سروشتی ئەو مادە کیمیایی‌یە کاریگەرانەی کە وان تیایاندا دەکرێن بەم بەشانەوە :–

١ – ئەو ڕووەکانەی کە مادەی (ئەلکالوێد) واتە :– نیمچە قلیەیی (قلویدات Alkaloids) یان تیادایە وەکوو ڕووەکی بیلادۆناو تاتورەو چایی (الشاي – tea)و خاشخاش ، مادەی ئەلکالوێدیش وەکوو مۆرفین Morphineو کنین Quinineو کافائین – Caffeine .

٢ – ئەو ڕووەکانەی کە مادەی گلایکۆساید (جلیکوسید glycosides)یان تیادایە وەکوو دیجیتالیس‌و ڕێواس‌و سینەمەکی .

٣ – ئەو ڕووەکانەی کە ڕۆنی سوکەڵەی پەرەشەوبوویان (زیوت طیارة Volatile oils) تیادایە وەکو ڕازیانەو یا سەمەن

٧٢ - سێوی بن ئەرز قلقاس
= سیڤك = الماطة
= طرطوفة
Egyptian Potato
Taro = Topianambou =
= Jerusalem artichoke

٧٣ - چووزەوارە = کەفز (طحلب Moss

٧٤ - شەوبۆ (خیری = منثور Cheiran thus)

٧٥ - کەتیرە کثیراء = قتاد
= گەوون = عنزروت astragalus

٧٦ - کنگر (عکوب = کعوب = edible thistle
(cardoon = St . mary's thistle

٧٧ - دەموکانە (دبق Mistle toe)

٧٨ - سماق (سماق = تمتم = Sumac = Sumach)

٧٩ - سورنجان = زەعفەرانی مێرگ = سورنجان Col
(chicum Medow Saffrón

٨٠ - جاترە کێویلە = عنصل Scilla = Squill
= پیازە مشکانە = بصل الفأر

**دابەش کردنی رووەکە پزیشکی یەکان :-**

١ - دابەش کردنی شێوەیی (التقسیم المورفولوجي
Morphological classification

لێرەدا رووەکە پزیشکی یەکان بە پێی ئەو بەشانەی کە بۆ مەبەستی پزیشکی بەکاردەهێنرێن ، دابەش دەکرێن :

أ - ئەو رووەکانەی کە گەڵاکانیان بەکاردەهێنرێن وەکوو : سینەمەکی (السنامکی Senna) و خەنە (الحناء Henna) .

ب - ئەو رووەکانەی کە تۆوەکانیان بەکاردەهێنرێن وەکوو : گەرچەك (الخروع Castor) و شملی (الحلبة Fenogreek) و کەتان (Linseed) .

ج - ئەو رووەکانەی کە بەرەکانیان بەکاردەهێنرێن وەکوو زیرە (الکمون Cumin)و رازیانە (أنیسون Anise) و کوژاڵك




« بەشەکانی رووەکی (قەیتەران) »

١ – قەیتەران (بە عەرەبی : كزبرة البئر = شعر – البنات = شعر فينوس = شعر الجبار = شعر الجن = كرفس البير) و (بەئینگلیزی maiden hair = venu's hair (بەلاتینی Adiantum – Capillus (بەفارسی بەرسیاوشان واتا نەخۆشی سنگ)

٢ – بەیبوون (بابونج Camomile) .

٣ – وەنەوشەی بۆندار (بنفسج عطر Sweet violet)

٤ – تاڵیشك (الهندباء البرية Dandelion

٥ – مینا (فربينا Vervain)

٦ – نەعنا (النعناع Mint)

٧ – تەرخوون (طرخون Tarragon)

٨ – کووزەڵە (جرجير = قرة العين rocket)

٩ – ڕێواس ریباس ، راوند = رباص Rhubarb

١٠ – گوزروان یان گاوزبان (لسان الثور) borage

١١ – پەڵپینە (رجلة = بقلة حمقاء = فرفحين)Purslane

١٢ – ڕۆنیاس (فوه Madder)

١٣ – هێرۆ (خطمة Hillyhock = Althea)

١٤ – شویت ، شیوت (شبت Dill)

١٥ – کەرەوز (کرفس Celery)

١٦ – خەرتەلە (خردل Mustard)

١٧ – کوژاڵك (حنظل Colocynth)

١٨ – تاتورە (داتورا = جوز مائل Datura)

١٩ – مێخەك (قرنفل Clove)

٢٠ – رازیانە (شمر = أنيسون Fennel)

٢١ – بەلەك (عرقسوس Liquorice)

٢٢ – سوێسنە (سوسن Iris)

٢٣ – هەڤریسك (عرعر Juniper)

٢٤ – پونگە (فلية = فوتنج Water mint)

٢٥ – ژاڵە (دفلة Oleander)

٢٦ – تووتن (تبغ Tobacco)




« بەرەی سپۆرو ڤایی قەیتەران »

أ– رووەکێکی تەواوی قەیتەران ب – پەروکەیەك (گۆیکەلە)

٢٧ – مەعدەنووس (بقدونس Parsley)

٢٨ – زەمەق (زنبق Tuberose)

٢٩ – هەنار (توێکڵەکەی رمان Pomegranate)

٣٠ – مازوو (عفص Galls)

٣١ – گەرچەك (خروع Castor beans)

٣٢ – گوڵەباخ (ورد Rose)

٣٣ – جاترە (زعتر = سعتر Thyme)

٣٤ – ڕەشکە (شونيز = حبة سوداء blackcumen)

٣٥ – بەردقۆش مەزرنگۆش Margoram) مردقوش =



*Chamaemelum nobile*
Chamomile

بەیبوون (بابونج)

مرزنجوش = سحسق = عترة)

٣٦ – شملّی (حلبة Fenugreek)

٣٧ – گولاڵە سوورە (شقائق = شقائق النعمان Anemone = Papaver)

٣٨ – ڕەیحانە (ریحان Weet Basil)

٣٩ – بیبەر (فلفل Pepper)

٤٠ – ڕازیانە (أنیسون Anise = Anisee)

٤١ – سەعلەم (سحلب Orchis 3 Sahlab)

٤٢ – شاتەرە (بقلة الملك = شاهترج Fumaria)

٤٣ – بەروو (بلوط Quercus = Oak)

٤٤ – گێزەر (جزر Carrot)

٤٥ – گوێز (جوز Walnut)

٤٦ – ترشوکە (حماض = حمیض Rumex = Sorrel)

٤٧ – کنێر (صندقوق Meli Lotus)

٤٨ – تۆڵەکە (خبازي Malva)

٤٩ – پێچن (فیجن = سذاب Rue)

٥٠ – بی (صفصاف = سوحر Willow)

٥١ – گوڵە بە ڕۆژە (عبادالشمش Sunflower)

٥٢ – توترك (علیق black berry)

٥٣ – کەرتەشی (خرشوف = أرض شوکی = arti choke)

٥٤ – کەلەرم (کرنب = لهانة = ملفوف = Cabbage)

٥٥ – لاولاو (لبلاب = عشقة ivy)

٥٦ – سیر (ثوم garlic)

٥٧ – پیاز (بصل Onion)

٥٨ – تەرەتیزە = تەرەتوورە (رشاد = حرف Cress)

٥٩ – کەوەر (کراث Leek)

٦١ – شیرمار (فربیون = یتوع Euphorbia)

٦٢ – قەزوان (الحبة الخضراء Terebinth)

٦٣ – بەلاّلوك (قراصیا یان موریلو Prunnus Microcarp)

٦٤ – مەحلەب = مەڵحەم = کنار (محلب Prunus Mahleb)

٦٥ – گوڵنار (جلنار Pomegranate – blossoms = رمان بري = رمان الزینة)

٦٦ – نەسرین (نسرین = ورد بري = Sweet brier rose (dog rose)

٦٧ – گوڵە باخی ئەسڵی (ورد دمشق = ورد بلدي damask rose – Creeping rose – Creeping briar) گولاّوی لیّدەردەهێنرێت.

٦٨ – ئەسپۆن (أشنان Salt Wort = Salicornia)

٦٩ – دار تەزبیح (شجرة السبحة = ژەهرە ماسی – أزاد رخت azedarach = bead tree)

٧٠ – مۆرد (آس = یاس Myrtle)

٧١ – عەنەب (عناب Jujube)



*Glycyrrhiza glabra*: Liquorice (SUS)
A. Flowering branch, B. a part of the inflorescence, C. fruiting branch, D. roots cut into pieces

بەلەك = بنە بەلەك (السوس = عرق السوس)

(یاسمین Jasmine)و نەعنا (نعناع = Peppermint)و بەیبون (بابونج Chamomile)و گوڵە باخ (الورد – Rose) جاران لە هەندێك ماڵی سلێمانی ڕۆن لە نەعنا (ئارەق نەعنا)و لە گوڵە باخی ئەسڵ (گوڵاو) دەگیراو دەکرایە بوتڵی شووشەوەو لە بازار دەفرۆشرا : ئارەق نەعنا بۆ سك ئێشەو گوڵاویش بۆ بۆن خۆش کردنی شیرینی .

٤ – ئەو ڕووەکانەی کە مادەی تانین = tannin یان تیادایە وەکو مازو (العفص Galls) وخەنە .

٥ – ئەو ڕووەکانەی کە مادەی ڕێسینی (راتنجي = Resin)یان تیادایە وەکوو ڕووەکی گوش – (القنب Hemp)و زەنجەفیل (زنجبیل Ginger)

٦ – ئەو ڕووەکانەی لە کاربۆهیدرات یان تیادایە وەکو هێرۆ (خطمية Althea) .

٧ – ئەو ڕووەکانەی کە مادەی سابونی (مواد صابونية = Saponins) تیادایە وەکوو بەلەك (عرقسوس Liquorice) .

## ڕووەکە سەرخەسی‌یەکان

(سرخسیات = اللازهريات الوعائية Pteridophyta

ووشەی Pteridophyta لە دوو برگە پێکهاتووە : برگەی یەکەم پێشگری (سابقة Prefix) Pterido یان Pterid

کە پەیوەندی بە Pterid) یان (Pterisی گریکی‌یەوە هەیەو نزیکە بە (Pteron)ی گریکی‌یەوە کە بە مانای باڵ یان پەڕ دێت‌و لە پاشگری (لاحقة Phyt Suffix یان Phyto کە بە مانای ڕووەك دێت . کەوابوو ماناکەی (ڕووەکە پەڕدارەکان یان باڵدارەکان) دەگرێتەوە . سەرخەسی‌یەکان ئەو ڕووەکانەن کە ڕەگ‌و لاسك‌و گەڵایان هەیە ، بەڵام گوڵ‌و تۆویان نیە . زوربەی ئەم جۆرە ڕووەکانە بە شێوەی گیان کە مێکیشیان بە شێوەی درەختن . دیاردەی بە داوهاتنی بەرە (یان نەوە) یان (Alternation of generation) واتە (ترادف الأجيال) یان تیادا دیارە . لە سوڕی ژیانیاندا (دورة الحياة Lifecycle) دوو بەرەی ئاشکرا هەیە : بەرەی ڕەگەزیی (الجيل الجنسي کە پی‌ی دەووترێت سپۆرۆفایت (Sporophyte) و بەرەی نارەگەزیی کە پی‌ی دەووترێت گامیتوفایت (Gametophyte) سپۆرەکانیان (بوغ = Spore) لە ناو زیپکە – (بثرة = Sori) واتا سپۆرداندا (علب – سبورية Sporangia) ، لەسەر ڕووی ژێر زەوی یان لێواری گەڵاکاندا پەیدا دەبن .

لەم زیپکانەدا پێکهاتی وورد هەیە لە شێوەی کوتەکدا (هراوة) ، هەر زیپکەیەکیش چەندەها سپۆری تیادایە . کە زیپکەکان بە تەواوی پێ دەگەن ، ووشك هەڵدێن‌و درزدەبەن و دەکرێنەوەو سپۆرەکانی ناویان توور دەدەن .

کە سپۆرەکان دەکەونە سەر زەوی‌یەکی شی‌دارو ، بەبوونی باری گونجاوی پێویست چەکەرە دەکەن‌و دەروێنەوەو قەیەرانێکی تازە دروست دەکەنەوە سەرخەسەکان ، وەکوو ووتمان ، ڕووەکی بی‌گوڵی تەمەن درێژن ، نزیکەی (٩٠٠) جۆریان هەیە هەندێکیان قەشەنگن بۆ ڕازاندنەوەی باخچەکان‌و ناوماڵ دەروێنرێن ، هەندێکی تریان گەڵاکانیان شۆڕ دەبنەوە هەندێك سەرخەسیش بەشێوەی درەختن (سرخس شجري Tree Fern) ،قەدەکەیان لە قەدی دارخورما دەچێت ، ئەمەیان بە زۆری لە ناوچە ئیستوائی‌یەکاندا ، بە تایبەتی لە ناوچەی (سیلان) دەروێت .

## قەیتەران QAITAR—AN

بەعەرەبی (شعر البنات ، شعر الغول ، شعر الجبار ، شعر الجن = کرفس البير ، کزبرة البئر ، عنيزان ، شعر فينوس الخ) بە ئینگلیزی Maidenhair و Adiantum



Citrullus colocynthis (HANDHAL)

کوژالك (الحنظل)

هەواڵنامەی کتێب
&
KURD ARSHIV

به فارسی (بەرسیاوشان) بەمانای نەخۆشی سنگ . .

گیایەکە لە خێزانی (Adian ta ceae) لەلقی سەرخەسی یەکان واتا : ڕووەکە پەڕدارەکان (النباتات المجنحة Phylum Pteridophyta

قەیتەران سەرخەسێکی سەر زەوی یە ، ڕایزۆمەکانی (Rhizome) خشۆك یان قیتن ، پولەکەی (توێکلّی) قاوەیی یان مەیلەو ڕەشی تەسکی هەیە ، گەلآکەی لە گەلآی کەرەوزو دارخورما واتا (سعفة = Frond) دەچێت درێژی گەلآکەی نزیکەی (٤-١٦) ئینج دەبێت .

(١-٥) پەلکی هەیە ، لاسکی گەلآکەی قاوەیی یان مەیلەو ڕەش و بریسکەدارە ، تیغەکەی (نصل blade) سافە ، بەدەگمەن مووی پێوەیە .

لەبەهاردا بەرەگ دەڕوێنرێت .

سپۆرەکەی (بوغ Spore) چوار ڕووە (رباعی السطوح = Tetra hedral) ئەم ڕووەکە نزیکەی (٢٠٠) جۆری (نوع Species) هەیە تەنها یەك جۆر لەمانە لە عیراقدا خۆماڵی یە .

ووشەی ئەدیانتەم adiantum

لە ووشەی ئەدیانتۆس (adiantos)ی گریکی یەوە وەرگیراوە کە بە مانای (تەڕنیە Un Wetted) دێت ، چونکە پەیکەری گەلآکەی دژ بە ئاوە (ضد الماء = Water Proof) لە پاڵ قەیتەرانە (شعر البنات Maiden hair) خۆماڵی یەکەی خۆماندا (واتا A. capillus – Veneris بەلاتینی) ، بەشێوەیەکی گشتی چەند جۆرێك لەمانە لەبەر گەلآ وردو تام خۆشەکەی لە زۆر ناوچەی جیهاندا دەڕوێنرێن . بەلآم کەمێکیان بەتایبەتی :-

(A. cuneatum Vars) و (A . tenerum Var)) و (Scutum ramo sum) – لە باخچە گشتی یەکانی تری عیراقدا دەبینرێن .

پسپۆران تاکهولم Tackholm)و درار (Drar) لەساڵی ١٩٤١دا هەندێك جۆری تریان لە قەیتەران دەستنیشان کردووە ، کە بەشێوەیەکی ئاسایی لە خانووە شووشە کشتوکاڵی یەکان (دفیئة = بیت زجاجی = green house)و خانووە ساردەکانی (cool houses) مبیردا بینراون ، بەتایبەتی قەیتەرانی ئەمریکی .

چەند جۆرێك لە قەیتەران لە لایەن گیا کۆکەرەوەکان وپزیشکەکانی گیاوە (عشاب = أعشابي herbalist بەشێوەی دەرمانی ئارامدەر (مسکن = =مهدئ = demulcents)و دەرمانی بەڵغەم فڕێدەر (دواء منخم expectorants و چایی یەکەی بۆ بەهێزکردنی جومگە و تواندنەوەی بەردی گورچیلەو بەشێوەی دەرمانی بەهێزکەر (مقوي Tonics) بەکارهێنراون ، بە پێی قسەی چێمبەر (chambers) ، لە ساڵی ١٩٠٤دا ، ناو نانی قەیتەرات بە قژی کچ (شعر البنات) لەو مادە و لوولەیی یەوە (هلامي mucilage) هاتووە کە لەم جۆرە سەرخەسانە دەردەهێنرێت و لەلایەنی کچانەوە بۆ ڕەق کردنی قژ بەکاردەهێنرێت ، لەگەلّ ئەوەشدا شەربەتە پزیشکی یەکەی (عصیر طبي (medical syrup) ، بەشێوەی دەرمانی چارەکردنی نەخۆشی یەکانی کۆ ئەندامی هەناسەدان (Pectoral) لە سنگ ئێشەی درێژخایەندا (سووتانەوەی بۆری هەناسە = نزلة = chronic catarrhs) کە بەناوی کاپیلێر (capillaire)وە ناسراوە لەقەیتەرانی جۆری (A. capillus – veneris) دەردەهێنرێت . هەروەها ئەم شەربەتە لە جۆرەکانی تریشی قەیتەران هەر دەردەهێنرێت .

شوێن : لە شوێنێکی نسیی زۆر شێداردا ، لە درزە

شێدارەکانی هەردو هەڵەتو لێژایی یە (وهدة = مسيل ravines) سەختەکاندا ، لە ژێر نووکە شۆڕ بووەکانی بەردە قسڵدا (حجر الكلس Lime stone) ، لەو خەلەندانەدا (جرف cliff) کەبەکاری سولاو – (مسقط مائي Water falls) دروست بوون ، هەندێك جاریش بەبن میچی ئەشکەوتەکانەوە شۆڕدەبێتەوە لە خاکە لێژەکانی ناو دارستانەکاندا ، لە بەرزایی (١٥٠٠) مەتردا دەروێت بڵاوبوونەی : لەهەموو ناوچە دارستانی یەکانی عیراقدا ، لەوێوە بەرەو دەشتە بێ درەختەکانی (سهب steppe) خوارەوە وەکو لە ناوچەی سنجار (Sinjar) ، زاخۆ (Zakho) ، ئامێدی (Amadia) ، ئاکرێ (Aqra) ، خەلەندی رەواندوز Rowanduz Gorge چنارۆك Chinaruk ، زنجیرە چیای قەندیل Quandil ، چەرمۆ (Jarmo) ، قەرەچەتان (Quarachitan) ، زێوێ (Zawiya) ، هەورامان (Hauraman) هەتا چیای حەمرین Jabal Hamrin)) . . . هتد

لە ئەوروپادا لە قوبروس (Cyprus) ، تورکیا ، قەفقاس Caucasus ، ئێران ، ئەفغانستان (Afghanistan) ، سوریە (Syria) ، لوبنان (Lebanon) ، فەلەستین (Palestine) ، ئوردون – (Jordan) ، میسر (Egypt) ، باکوری – ئەفەریقا ، دورگەکانی ئەتلانتیك Atlantic is Lands ، ئەمریکا ، ئاسیا ، دەروێت ، تەنها لە ئوستورالیادا نەبێت .

قەیتەران واتا قژی کچ (شعر البنات = Maiden hair (Shar Al Banat) یان قژی ڤینۆس (شعر فينوس Venu's Hair) یان کەرەوزی بیر (کرفس البير = Celery of the well KRAFAS AL – BIR)

یان کژنیژی بیر (کزبرة البئر) Kuzbarat AL – BIR ( Well – Coriander)

بە ئینگلیزی (Well – Coriander) .

بێگومان چەند ناوێکی خۆماڵی تریش بۆ ئەم ڕووەکە هەیە



*Mentha spicata*

نەعنا (النعناع)

بۆ نموونە لە میسرو جەزائیر پی ی دەووترێت (کزبرة البئر) جگە لە ناوی مووی بەراز (شعر الخنزير SHA'R = Pig's bristle AL – KHANZIR) و قژی پەری (شعر الجن = SHA'R AL – Jin = Fairies'hair) درەختی کچ (شجرة النبات= maiden's bush

SHAGERET EL – BANAT

هەروەها چەند ناوێکی تریش لە عیراقدا بۆ ئەم ڕووەکە دانراوە وەکوو کەرەوزی عەجەم (کرفس عجمي = Persian Celery Krafa's Ajmi ، یاڵی بیر (زبرة البير = ZABRAT AL – BIR = mane of the well)

لە کوردەواریدا ناوی (ڕیشە بیر عومەرانە)شی RISHA – PIR – AMARANA

بەناوی پیاوێکی ئایینی کوردەوە لە پیرەمەگروون – Kurd Pira – Magrun . لی نراوە . هەروەها قەیتەران لە کوردەواریدا کوزەڵە کێویلەشی (جرجير بري Kuzala Kiei) پی دەووترێت .

تاڵیشك (الهندباء البرية)

*Cichorium endivia*. Endive (HINDIBA)






خاشخاش (الخشخاش)

(بەلاّم ئەم ناوە زۆر باو نیە) . ئەم ڕووەکە ناسکە جوانە خنجیلەیە هەندێك جار لە بەغداو هەروەها لە ناوچەکانی تری جیهاندا دەروێنرێت .

پسپۆر ستۆون (Stout) لە ساڵی ١٩٣٥دا .

ووتویەتی : ئەم ڕووەکە باوترین سەرخەسی چێنراوی شوێنە شێدارە نسی کانە لە باخچەکانی میسردا . لە ئەرووپاو لە ئەمەریکادا گەلاّکانی ، بەزۆری لەلایەن گوڵ فرۆشەکانەوە (باعة الزهور Florist) ، چەپکە گوڵو گوڵبەندی پێ دەرازێنرێتەوە . بەپێی ووتەی چیتێندین chittenden ، لە ساڵی ١٩٥١دا ، ژمارەیەکی هەمە جۆرە لە قەیتەرانی باخچە دەست نیشان کراون (ناسراون)و لە لایەن کشتیارەکانەوە چێنراون ، مەودای بلاّوبوونەوەی لە کەشێکی فێنکدایە .

لە بەریتانیادا بە شێوەیەکی کێویلە ، بە زۆری لە کەناری ڕوبارو دەریاکاندا ، هەیە ، زوقی (صقیع Frost) کەم زیانی پێ دەگەیەنێتو زوقی زۆر لە ناوی دەبات ، شەربەتێکی پزیشکیش (عصیر طبي medical syrup) هەیە بە ناوی (سیرۆپ دی کاپیلێر Sirop de capillaire)ەوە بۆ دروست کردنی ئەم شەربەتە شەکرو گوڵی پرتەقاڵ (قداح Orange Flower) دەکرێتە گەلاّی خوسێنراوی قەیتەرانەوە .

ئەم شەربەتە هەتا ئێستاش ، بەشێوەیەکی ئاسایی وەکوو دەرمانی کۆکە ، لە ئەورووپادا بەکاردەهێنرێت ، بەتایبەتی لە فەرەنسەدا ، جگە لە ئیتالیاو یۆنانو هەندێك شوێنی تر .

پسپۆر وات (Watt) لە ساڵی ١٨٨٩-١٨٩٦دا ووتوویەتی : ئەم شەربەتە دەهێنرایە هیندستان هەرچەندە کە دەشێت هەر لەوێش ، بەشێوەیەکی خۆماڵی ، دروست کرابێت ، چونکە لەو کاتەدا قەیتەرانی خۆماڵی دەشێت لە جۆری A. Capillus – veneris بووبێت ، بەشێوەی دەرمان لە بازاردا دەفرۆشرا بۆ چارەکردنی سوتانەوەی بۆری هەواو هێنانە خوارەوەی تا (ملطف للحمی = Febri fuge) بەکاردەهێنرا . باسەکەی بەرکیل (Burkill لە ساڵی ١٩٣٥دا ، وای ڕادەگەیێنێت کە قەیتەران ، بەشێوەی دەرمانی پزیشکی لەلایەن ڕۆمانیو گریکی یە کۆنەکانەوە بەکارهێنرابێت . جگە لەوەی کە ئەم ڕووەکە وەکوو غەزنەیەکی دەرمان (chest medicine) لە ئەوروپادا بەدرێژایی وەخت ناوبانگی دەرکردووە . شەربەتی قەیتەران مادەی تانین (tannin)ی تیادایەو کەمێك ڕەوانکەرە (مسهل Purgative) بەلاّم ئەگەر بە برێکی زۆرتر بخورێتەوە ، دەبێتە مادەیەکی ڕشێنەرەوە (مقيء emetic) . پسپۆران گویست – (Guest)و ئەلیزی (العزي Alizzi) ، پوختەی (شەربەتی) گەلاّی قەیتەرانیان لە ساڵی ١٩٥٦دا ، لە بازاڕی گوندی دیانا (Diyana)ی نزیك شاری ڕەواندز دیوە . بە پێی قسەی دوکاندارێك ، ئەو شەربەتە لە ڕەواندزەوە هێنراوەو لەوێ پێی دەڵێن خاڵە ڕەشت (KHALARUSHT) و بەشێوەی خوساوە (نقیع infusion) یان چایی (tea)وەکوو دەرمانێك بۆ ئازاری ناو سك بەکارهێنراوە ، بەتایبەتی وەکوو دەرمانێکی ڕەوانی سوکەڵە .

هەروەها ئەم دوو پسپۆڕە ، لە هەمان دوکاندا ، پوختەی گیایەکی تریان دیوە ، کە هەتا ڕادەیەك لەم دەچێت ، ناوی بەرەزا (BARAZA)بووە لەوە چووە کە هاڕراوەی گەلاّی ڕووەکێکی سەرخەسی تر بووبێت جگە لە قەیتەران ، دانیشتوانی ناوچەکە ووتویانە کە ئەم ڕووەکە ، لە وەرزی بەهاردا ، لە ناوچە کەڤرینەکاندا (المناطق الصخرية . . Rocky) ، دەڕنرێتو بۆ کەم کردنەوەی ئازاری (Complaints) گورچیلە بەکار دێت .

## سەرچاوەکان

(×) – رایزۆم = قەدێکی ژێر زەویە لە ڕەگ دەچێت .

(١) – گۆڤاری پاشکۆی شۆڕشی کشتوکاڵی ژمارە (٢)ی تەمووزی ١٩٧٨و ژمارە (٦) /١٩٧٩/ مرۆڤ‌و ڕووەك‌و سەردەم ، بەکارهێنانی ڕووەك بۆ نەخۆشی / کەمال نوری مەعروف .

٢ – گۆڤاری زانیاری ژمارە (٥) / ١٩٧٢ دەرمان گرتنەوە لە کوردستاندا / ڕەشید هەورامی‌و ئەکرەم قەرەداخی .

٣ – گۆڤاری (المعرفة) ژمارە (١٤٥) ساڵی ١٩٧١ لاپەڕە (٢٣١٢) ، ووتاری (گیای دەرمان)و ژمارە (١٨٥) لاپەڕە (٣٠١٥) . الناشر – شركة ترادكسيم / شركة مساهمة سويسرية (جنيف) .

٤ – معجم الشهابي في مصطلحات العلوم الزراعية / اعداد أحمد شفيق الخطيب / صحيفة (٥٨٢)

٥ – الموسوعة العربية الميسرة / الطبعة الثانية / ١٩٧٢ بأشراف محمد شفيق الغربال / دار الشعب ومؤسسة فرانكلين للطباعة والنشر / صحيفة ٩٧٧

٦ – الجمهورية العراقية / وزارة التربية / علم النبات للصف الخامس العلمي / تأليف لجنة في وزارة التربية / الطبعة التاسعة / ١٩٨١ ص ٢٦٥–٢٧٣ .

٧ – گۆڤاری (ألف باء) ژمارەی (٨٣٢) ئەیلول / ١٩٨٤ لاپەڕە (٧٧) و ژمارە ٨٩٤ لە ١٩٨٥/١١/١٣ و ژمارە ٨٩٣ لە ١٩٨٥/١١/٦

٨ – الموسوعة النباتية العراقية/
المجلد الثاني
تأليف :

8 – Flora of Iraq
Volume Two
Edited By
C. C. Townsend and Evan Guest

تونسند وإيفان گيست – بمشاركة علي الراوي بغداد / ١٩٦٦ ١٩٦٦ :
من منشورات وزارة الزراعة
الجمهورية العراقية
صحيفة ٦٣–٦٥

BAGHDAD
Ministry of agriculture
Republic of iraq
Pages : 63 – 65

٩ – گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ ژمارە ١٠٨ کانونی یەکەمی / ١٩٨٥ لاپەڕە (٢٢٦–٢٣٢) ووتاری (دەست نیشانێك بۆ کەڵکی دەواو دەرمانی کوردی / نووسینی ئەمین نەقشبەندی

١٠–

ECONOMIC – POTANY
ALBERT F. HILL
SECOND E DITION
TATA MC. GRAW – HILL
PUBLISHING COMPANYLTD

BOMAY →New Delhi
1951 Pages 151 – 152

١١ – الثروة النباتية في العراق (معجم النباتات الأقتصادية) مديرية النبات في وزارة الزراعة والأصلاح الزراعي الجزء الأول بغداد / ١٩٧٦ العراق

PLANT WEALTH OF IRAQ
BAGHDAD 1976
BOTANY DIRECTORATE
MINISTRY OF AGRICULTURE
AGRARIAN REFORM – IRAQ

١٢ – النباتات الطبية / زراعتها ومكوناتها / دكتور فوزي طه قطب / دار المريخ للنشر / الرياض / ١٩٨١ .

١٣ – معجم أسماء النبات / الدكتور أحمد عيسى / عربي – انكليزي – فرنسي – لاتيني / دار الرائد العربي / بيروت لبنان ١٩٨١ / الطبعة الثانية .

١٤ – الطب الشعبي / الدكتور أمين رويحة دار القلم / بيروت – لبنان – الطبعة الثالثة / ١٩٧١ .

١٥ – فهرس الأدوية المفردة النباتية والمعدنية الواردة في كتاب المنصوري في الطب لأبي بكر محمد بن زكريا الرازي / تحقيق وشرح / حازم البكري الصديق / مجلة المورد / مجلة الرابع عشر / العدد الرابع / ١٩٨٥ تصدرها وزارة الثقافة والأعلام الجمهورية العراقية .

١٦ – كتاب (عجائب المخلوقات وغرائب الموجودات) للأمام العالم زكريا بن محمد بن محمود القزويني الطبعة الثالثة / مصر ١٩٥٦ .

١٧ – (كتاب منتخب الخواص) / فارسی – عەرەبی – کوردی . شيخ محمد مەردۆخی کوردستانی / ١٣٣٠

١٨ – دەرمانگەری کوردی / نووسینی دوکتۆر هیوا عومەر ئەحمەد دەزگای ڕۆشنبیری‌و بڵاوکردنەوەی کوردی ژمارە ١٢٤

١٩ – کتێبی (گیاو دەرمان) خودانی کتێبی سعدالله حسين بامرنی لە چاپکراوەکانی ئەمینداریتی گشتی ڕۆشنبیری‌و لاوان / چاپخانەی ڕۆشنبیری‌و لاوان هەولێر / ١٩٨٥ .

٢٠ – السليمانية بين الأمس واليوم / ١٩٨٥ ص ١٤٨–١٤٩ .

## پەراوێزەکان

١ – سپۆر (بوغ spore) : تەنێکی یەك خانەیی زاوو زێیە لە لایەن ڕووەك‌و هەندێك گیانداری نێربرەوە دێتە بەرهەم ، توانای ئەوەی هەیە کە بێت بە زیندەوەرێکی تازە یان ڕاستەوخۆ یان بەیەك گرتنی لەگەڵ سپۆری تردا .

٢ – رایزۆم جلمور rhizome = واتا قەدی ژێر زەوی (لە ڕووەکدا) .

٣ – لە پارێزگای سلێمانیدا هەندێك گیاو بەرو گەڵای ڕووەك بە ڕێگەیەکی میللی بۆ چارەکردنی نەخۆشی بەکار دەهێنرێت . ئەویش بە زۆری بەر لە بوونی خەستەخانەو پزیشکە پسپۆڕەکاندا ، بەڵام ئێستاش هەر لە مەودایەکی تەسکدا بەکاردەهێنرێن .

١ – گەڵا توتن (ورق تبغ) بۆ چارە کردنی ملەخڕێ .

٢ – گەڵا توو (ورق التوث) بۆ چارەکردنی گەستنی دووپشك .

٣ – قەیتەران دەکوڵێنرێت‌و ئاوەکەی بۆ بەهێز کردنی لەش‌و لاوازیی جومگەو تواندنەوەی بەردو لی گورچیلەو میزڵدان .

٤ – گەڵا گوێز (ورق الجوز) بۆ هەو کردنی پێست‌و نەخۆشی شەکر .

٥ – بەهێ (سفرجل) بۆ ماوەیەکی کەم لە ئاگردا دەبرژێنرێت ئینجا دەخورێت بۆ چارەکردنی کۆکەو سووتانەوەی گەروو .

٦ – هەنگوین (بەرهەمی ڕووەك‌و گیاندارە) بۆ چارەکردنی هەوکردنی گەدەو ڕیخۆڵەو بە هێزکردنی زەین (ذهن)و چاوو لەش‌و پاکردنەوەی خوێن .